# یاساکانی بیناسازی لە عێراق و کوردوستان

1  یاسای شارەوانییەکان ژمارە (165/1964)، پێک هاتووە لە چوار بەش:

بەشی یەکەم: لەم بەشەدا پێگەی ئیداری شارەوانییەکان و ئەنجومەنەکان و ئەندامی ئەنجومەنەکانیان دیاری کراوە

بەشی دووهەم: لەم بەشەدا دیاری کراوە، چ ناوچەیەک شارەوانی بۆ دیاری ئەکرێت و پلەکەی چۆن دیاری ئەکرێت و بەرزئەکرێتەوە.

بەشی سێهەم: لەم بەشەدا بودجەی شارەوانییەکان دیاری کراوە،

بەشی چوارهەم: لەم بەشەدا کارەکانی شارەوانی لە (پەرەگرافی 43 بۆ 97) دیاری کراوە بۆ دروستکردنی پلانی بیناسازی و جێبەجێ کردنی پەلکەکانی تری یاساکە (R18, S. 67).

بەپێی (11$)ی یاسای شارەوانی ژمارە (165/1964) دابەشکردنی ئیدارەی شارەکان بەپێی ئەم نەخشەیەیە:

| گە وره کردنی زۆنەکانی ناوچەکانی شارەکان بە دەوری خۆیاندا بەپێی (§97) یاسای (165/1964) | زۆنەکان | | | | | | شارەکان | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | پلەی شارەوانییەکان | ژمارەی دانیشتوانی شارەکان بە هەزار (§11) یاسای (165/1964) |
| | رووبەری زەوی بە مەتردووجا | | | | | | | |
| | 2000 و زیاتر | 800-1999 | 600-799 | 300-599 | 200-299 | 100-199 | | |
| تا 10 کم | x | x | x | x | x | x | یەک | پایتەخت بەغداد |
| تا7 کم | | x | x | x | x | x | دوو | > 100 |
| تا7 کم | | + | x | x | x | x | سێ | 75 تا 100 |
| تا 7 کم | | | + | x | x | x | چوار | 15 تا 75 |
| | | | | + | x | x | پێنج | 5 تا 15 |
| | | | | | + | x | شەش | < 5 |

+=  زۆنەکان ئەتوانرێت گەورە بکرێن          x=  زۆنی ڕێپێدراو

دارشتنی پێکهاتەی شار بەپێی (11$)ی شارەوانی ژمارە (165/1964)

Aso Sajwani

**2. یاسای قیرتاوکردنی ڕێگاوبان و ژمارە (83/1963):**

ئەم یاسایە ئەو برە پارەیە ڕێک ئەخات، کە ئەکەوێتە سەر شانی ئەو ماڵانەی کە ئەکەونە سەر ئەو شەقامانەی کە درووست ئەکرێن و کەناڵی ئاوو ئاوەڕۆیان بۆ دابین ئەکرێن یان خزمەت گوزارییەکانی تر لە کارەبا و تەلەفۆن و شتی تر (R7, S. 1-10).

سەرچاوەی یاساکە لە یاسای ساڵی (1928)ەوەیە کە بە پێی پانی خانووەکان کە بە شێوەیەکی یەکسان کە لە (15 م) پێکهاتبوو، نرخی داواکراو ئامارکرابوو کە ئەکەوتە سەر شانی ماڵەکان.

بەپێی یاسای ژمارە (83/1963) نرخی دیاریکراو لە (33،3%) ی نرخی پێشووی زیاد کرابوو، هەروەها بۆ چیمەنتۆکردنی شۆستەکان و قیرتاوکردنی جادەکان، ڕێنمایی تازە، جیاواز لە یاساکانی پێشوو دەرچوو بوو.

**3 یاسای (ألطرق و ألأبنیة) ژمارە (44/1935) پێک هاتووە لە سێ بەش:**

بەشی یەکەم: ناوچەکانی شار دابەش ئەکات بەسەر ڕووبەری زەوی و ناوچە ی شیاودا بۆ بینا، هەروەها نەخشەکێشانی شاروپلاندانانی و گۆڕانکاری لە کاروباری موڵکدارێتیدا.

بەشی دووهەم: لەم بەشەدا قەبارەو گەورەیی بینای پرۆژە بۆکراو دیاری کراوە،

بەشی سێهەم: لەم بەشەدا نرخ و پارەی تێچووی دادگا و جەزای زیادەڕۆیی دیاری کراوە،

لەبەرئەوەی تا ئێستا یاسایەک بۆ ڕێکخستنی بیناسازی و دروستکردنی بینا دەرنەچووە لە عێراقدا، بۆیە کار هەر بەم یاسایا ئەکرێت، کە سەرچاوەکەی یاسای شارەوانی ژمارە (84/1931)ە، چونکە یاسای شارەوانی ژمارە (165/1964) تەنها ڕێکخستنەوە و هەندێ گۆڕانکاری تر بوو لە یاسای ڕێگاوبان و شارەوانییەکاندا (R6, S. 47-49).

**4 یاسای مافی موڵکییەتی ژمارە (54/1970):**

بەپێی ($49)ی یاسای شارەوانی ژمارە (165/1964)، شارەوانی بۆی هەیە بۆ بەرژەوەندی گشتی موڵک بۆ خۆی زەوت بکات، بەمەرجێک کارەکە بە پێی یاسای ژمارە (54/1970) ، ڕێنمایی موڵکدارێتی و مافەکانی و زیانەکانی و قەرەبووکردنەوەی موڵکدارەکان ڕێک بخرێت. ئەم یاسایە لە ساڵی (1970) دا هەندێک گۆڕانکاری بەسەرداهات (R8) دوایی یاسای ژمارە (12)ی ساڵی (1981)ی موڵکداری دەرچوو.

**5 هەندێک یاسای تر:**

یاسای مافی مصاطحة، ژمارە (17/1967)،

یاسای مافی کەلەپوور ژمارە، (52/2002)،

یاسای مافی قەرەبووکردنەوە، ژمارە (80/1989).

Aso Salwani